## نووسینگەی ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی

# ئاژانسەکانی UN یارمەتی بۆ 2,5 عیراقی پێشکەش دەکەن لە2008

(بەغدا /نیویورك، 24 ی حوزەیرانی 2009): نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکانی یارمەتی دان یارمەتیان بۆ زیاتر لە 2,5 عیراقی پێشکەش کردووە لە 2008 لە ڕێگای پڕۆسەی بانگەوازە یەکگرتووەکان ( CAP). پێداویستیە بە پەلەکانی نزیکەی یەك لە هەر 10 عیراقیەك دابین کرا بە بەهای یارمەتی 207 ملیۆن دۆلار کە پێشکەش کرا لەلایەن بەخشەران، بە پێی ڕا پۆرتێکی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی ( OCHA ) لە عیراق .

"پڕۆگرامە مرۆڤایەتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت دەکاتە سەر پاراستنی خەڵکی هەرە زیان پێچگەیشتوو لە عیراق"، دکتۆرە نەعیمە ئەلقەسیر، جێگری ڕێکخەری مرۆڤایەتی UN بۆ عیراق ووتی" .هەرچەندە ڕەوشی گشتی لە عیراق باشتر بووە، بەڵام زۆر عیراقی ماوەنەتەوە کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە "زیادە ووتی، و دووپاتی کردەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبن لە پێشکەش کردنی یارمەتی مرۆڤایەتی بۆ عیراقیان .

زیاتر لە 600,000 کەس یارمەتی خۆراکی وەرگرتووە لە2008 ، لە کاتێکدا 450,000 عیراقی، لە نێوانیاندا کۆمەڵگاکانی ناکۆکی کاری تێکردووە، ئاویان بۆ دابین کرا .نزیکەی 55,000 کەسی راگوێزراوی ناوخۆیی سوودمەندبووە لە چاککردنەوەی ماڵەکەی یا ماڵی نوێ، و 650,000 تریش کەل و پەلی ناوماڵ وەرگرتووە .یارمەتی مرۆڤایەتی هاوکاری کرد لە گەیاندنی بۆشایی بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزاریە گرنگە سەرەکیەکان دوای دەیەها ساڵ لە ناکۆکی کە بە سەختی کاری کردۆتە سەر خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکان و باری گوزەرانی.

هەروەها زۆر عیراقی پێویستیان بە پاراستنێکی بەهێزە" .بۆ نموونە، تا ئێستاش زۆر بەرەنگاری هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی راگوێزرانی عیراقیان"، دکتۆرە ئەلقەسیر ووتی" .نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی حکومەتی عیراق دەکەن بۆ یارمەتی دانی ئەو خەڵکە راگوێزراوەی موڵکیان لە دەست داوە تا دووبارە وەریگرنەوە، یا پەناگەیەکی نوێیان پێبدرێت .هەروەها ئێمە پشتگیری هەوڵ و کۆششەکان دەکەین بۆ پتەوکردنی ڕەوشی گشتی مافی مرۆڤ لە عیراق .ڕەوشی زۆر ئافرەت و منداڵی زیان پێگەیشتوو پێویستە چارەسەر بکرێت، و لە ڕێگای پرۆگرامەکا نمان بەردەوام دەبین لە کارکردن بەرەو پتەوکردنی ماف و دەرفەتەکانی ئافرەت و کچان "دکتۆرە ووتی

زیاتر لە 2000 مامۆستا مەشق پێکرا بۆ چارەسەرکردنی تێکچوونی دوای فشاری خورپەیی لە نێوان منداڵاندا .هەروەها لە ڕێگای کارکردن لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی عیراقی، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە هاوبەشەکان هاوکاریان کرد لە گرتنەخۆی بەرپابوونی کۆلێرا لە .2008 زیاتر لە 900,000کەس سوودمەندبوون لە چاودێری تەندروستی کتوپڕ کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان پشتگیریان دەکرد .نزیکەی 100,000 قوتابی سوودمەندبوو لەو یارمەتیانەی پێشکەش کرا بە زیاتر لە 160 قوتابخانە لە سەرانسەری عیراق، و 36,000 منداڵ و هەرزەکار، کە قوتابخانەکانیان راگیرابوو بەهۆی شەڕو پێکدادان، تۆمارکران لە پرۆگرامی فێرکردنی خێرا تا بتوانن فێربوونی سەرەکی خۆیان تەواو بکەن .

هەموو ساڵێك، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسی مرۆڤایەتی تر هەوڵ دەدەن بۆ پارەکۆکردنەوە لە ڕێگای پڕۆسەی بانگەوازە یەکگرتووەکان ( CAP ) بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ خەڵکی زیان پێگەیشتوو بەهۆی ناکۆکی و کارەساتی سروشتی لە سەرانسەری جیهان

زیاتر لە 20 وولاتی بەخشەر هاوبەشی کردووە لە پڕۆسەی بانگەوازە یەکگرتووی عیراق .2008 هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە 68 ملیۆن دۆلار بوو زۆرترین بەخشین بوو .حکومەتی عیراقی 40 ملیۆن دۆلاری بەخشی، لە کاتێکدا سوید و شانشینی یەکگرتوو هەر یەك 11,9 ملیۆنی دۆلاری بەخشی . هەروەها 280 ملیۆن دۆلاری تر پێشکەش کرا بۆ عیراق وەك یارمەتی مرۆڤایەتی لە ڕێگای کەناڵە دوولایەنیەکان بۆ ئاژانسەکانی یارمەتی دان، و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، و لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور .لە2009 ، ئاژانسە مرۆڤایەتیەکان هەوڵی کۆکردنەوەی 192 ملیۆن دۆلار دەدەن بۆ پڕۆژە مرۆڤایەتیەکان لە عیراق و نزیکەی 349 ملیۆن دۆلار بۆ پاڵپشتی کردنی سەدان هەزار پەناهەندەی عیراقی لە وولاتە دراوسێیەکان